رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16:14 3-11-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# (گۆران محەمەد) ی ستوون نووسی رۆژنامەی میدیا... بۆ ئەرشیفی نووسینەکەت ... زانکۆ محەمەد ئەحمەد

Zanko_jaf@yahoo. com

ستوون نووس دەبێ شتی جوان و بزوێنەرو دروست و بەبەڵگە بنووسێ و دووربێت لە تانەو تەشەرو شکاندنەوەو سووکایەتی پێکردن، نەك ستوونە بێ بەڵگەکەی ئەم دواییەی رۆژنامەی میدیا کە گۆران محەمەد هەر جارەو لەسەر بابەتێکی کرچ و کاڵ پڕی دەکاتەوە.



ئەوەی وای لە من کرد ئەم ئاگاداریی و تێبینیەی بۆ بنووسم ئەوەیە کە کاکی ستوون نووسی بێ خەبەر و خەوتوو بێ ئاگا لە رووداوو، لە رۆژنامەی میدیا لە ژمارە 3112ی ساڵی دوازدەم سێشەمە 20/10/2007 ی 8ی گەلاڕێزانی 2707ی کوردیدا بابەتێکی بەناونیشانی (وڵاتێکی هەرزان) بەچەندین قسەی نارێك رازاندۆتەوە.

ستوون نووس نەك رۆژنامەنووس (گۆران محەمەد) لە بابەتە شەل و سەقەتەکەیدا بەخراپ جاکاندنی وشەی کوردی باس لە خۆنیشاندانی کوردستانیان دەکات لەدژی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئاماژە بۆ چەندین رێوشوێن دەکات لە خۆپیشاندانەکانداو رەخنەیەکی نامەحقوڵ لە خۆنیشاندەران دەگرێت و بە پەرتەوازەو دوورە ئینتیمای نیشتمانی وەسفیان دەکات بەتایبەتی خەڵکی گەرمیان.

جا کاکی برا هەروەك خۆت باسی دەکەیت زۆربەی خۆنیشاندەران هەوڵی خۆدزینەوەیان دەکرد لە خۆنیشاندانەکان، دەتوانم ئەوەشت پێ بڵێم ئەوانە خۆیان لەو ئەرکە نیشتمانیە نەدزیبووەوە، بەڵکو هەڵوەدابوون بۆ گەیشتن بە بەردەم نووسینگەی یوئێن و جاروباریش بۆ بەردەم کامیراکان رایان دەکرد.

من لێرەدا دەمەوێ وەڵامی ئەو ناحەقیەت بدەمەوە کە ئاراستەی لاوان و گەنجانی گەرمیانت کردووە، گەنجی گەرمیان و خەڵکی گەرمیان خاوەنی غیرەت و تواناو بوێری و هەموو ئەو شتانەن کە لە تۆدا بوونی نییە، گەنجی گەرمیان هەمیشە دژی داگیرکاری و ژێردەستی بوونە نەك بەو شێوەیەکی کە بەستوون نووسینێك هەمووی ژێراوبن بکەیت و سەرجەم قوربانی و خوێنڕشتن و خۆبەختکردن و ئەنفالی گەرمیان بەلاوە بنێیت.

(گەرمیانییەکان دژی لەشکرکێشی تورکیا خۆپیشانێکیان ئەنجامدا)

بۆ راستی ئەم بابەتەی من و قسەکانی ستوون نووس (گۆران محەمەد) لە رۆژی 2007/10/22 کاتژمێر 9ی سەر لەبەیانی لە شاری کەلار خۆپیشاندانێکی جەماوەری دژی سنووربەزاندنی تورکیا رێکخرا، من چی بڵێم کە تۆی پێگەیشتووی تێنەگەیشتوو ئاگات لێی نەبووبێت.

بۆ راستی قسەکانی من و درۆیی بوختانەکەی تۆی ستوون نووس برۆ تەماشای ئەو ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) بکە کە بەناونیشانی (گەرمیانییەکان دژی لەشکرکێشی تورکیا خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا) لە رۆژی سێ شەممە ژمارە (316) ی 23ی تشرینی یەکەمی 2007ی زایینی بکە لەلاپەرە (3) دا کاك (کاوە گەرمیانی) راپۆرتێکی لەسەر خۆنیشاندانەکەی گەرمیانییەکان کردووە، کە تێیدا نزیکەی 26 رێکخراوو 3000 خۆنیشاندەر بۆ بەردەم قایمقامیەتی قەزای کەلار رێکیان خستبوو.

بۆ راستی قسەکانم فەرموو کرتە لەسەر ئەمە بکە:

http://www.kurdistanreport.com/newspaper/2007/10_Oct/316/kr_03.pdf

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جا ئیتر نازانم ئەم قسانەی کاکی ستوون نووسی ڕۆژنامەی میدیا لەچی ڕوویەکەوە سەری هەڵداوە، ئاخۆ لەبەر بێ بابەتی بووە، خۆ ئەمەش ناکرێ تۆ بێ کەرەستەی نووسین بیت و بەکەیفی خۆت و بێ بەڵگەی دروست شتی نارەوای لەم جۆرە بنووسیت.

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئەوەشت پێڕابگەیەنم و بەبیرت بهێنمەوە کە بەڵێ: گەرمیانیەکان خۆنیشاندانیان کرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.